موف کۆمیته دیپۆرت کردنەوەی پەنابەران شەرمەزار ئەکات

موف کۆمیته وەک کارێکی هەمیشەی دیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانی کورد شەرمەزار ئەکات و هەموو هەوڵێکی خۆی خستۆتە گەڕ بۆ داکۆکی کردن لە مافە بنەرەتیەکانی پەنابەران بە پێ توانا و قەبارەی خۆی بۆ ماوەی چەند رۆژێکە لە هەوڵی کۆکردنەوەی زانیار دەربارەیە لەسەر ئەو پەنابەرانەی دیپۆرتی ولاتی ئێران بە زۆرە ملێ .

کوردانی دڵسۆزی ولاتی نەرویج بەناوی موف کۆمیتەوە داوا لە بەرێزتان ئەکەین لە هەر شوێنێکی ئەم وڵاتەن و بەئاگان لە ناردنەوەی پەنابەرانی کورد بۆ وڵاتی ئیران بە زوو ترین کات ئاگادارمان بکەنەوە و پەیوەندی بکەن پێمانەوە تاکو ئێمەش دۆسەکە بگەیەنین بە ناوەندی پەیوەندی دار کە کار ئەکەن دژ بەناردنەوەی پەنابەرانی کورد بۆ ئیران یان ئەگەر زانیاریتان هەیە لەسەر ئەو پەنابەرانەی دیپۆرت کراونەوە بەردەوام لە زیندانەکاندان و ئازاد نەکراون یان روو بەروی  ئازار و ئەشکەنجە بونەتەوە




بۆ جارێکی تریش داوا لە هەموو هاوڵاتیان ئەکەینەوە کە هاوکاریمان بکەن لە رووی پیدانی زانیاری لەسەر کەسانی دیپۆرتکراوان  بۆ وڵاتی ئێران..

لە دوای دیپۆرتکردنەوەی ( رەحم رۆستەمی ) 19 ساڵ  لاوێکی تری گەلەکەمان بۆ ئێران لە لایەن دەوڵەتی نەرویجەوە بە شێوەیەکی نایاسای و زۆرە ملێ لە بەرواری  9.2.2011 دا دیپۆرتی ئێران کراوەتەوە بەردەوام لە زینداندایە و چارەنوسی نادیارە لە ئێستادا دەوڵەتی نەرویج بەرپرسە لە گیانی ریحم رۆستەمی  بەر لەچەند رۆژێکە کەمپینێک پیکهاتوە بۆ گوشار خستنە سەر دەسەڵات تاکو گیانی ناو براو رزگار بکات و دیپۆرتکردنەوەی کوردان راگیرێت بۆ ئیران .

هەروەها تکا دەکاین بەشداری بکەن لە کامپینی فەیسبوک بۆ داکۆکی کردن لە گیانی رەحم رۆستەمی بەم ناونیسانەی لای خوارەوە.

http://www.facebook.com/pages/Tvangsreturnert-til-fengsel-i-Iran-krav-om-umiddelbare-tiltak/166353393420623

http://www.facebook.com/pages/Tvangsreturnert-til-fengsel-i-Iran-krav-om-umiddelbare-tiltak/166353393420623